# ئاین و ئیرهاب .. گۆران هەڵەبجەیی

ئیرهاب کردەیەک نیە تایبەتبێت بە ،دەسەلاتێک،حکومەتێک ،ئاینێک،مەزهەبێک ئایدۆلۆجیایەک.،حیزبێک بێت ،بەڵکو هەموو ئەم پێکهاتانە هەروەها تاکەکانیش کەم تازۆر لە ڕابردوو و ئێستادا مومارەسەیان کردوە و دەیکەن .

بەڵام ئەوەی دیارەو شاراوەنیە کە ئاینەکان وە بەتایبەتی مەسیحیەت و ئیسلام زیاتر ئەم ڕێگەیان گرتوە و وەک بەشێکی سەرەکی لەبەرنامەو کرداری ڕۆژانەیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

## ئیرهاب لە ئاینی کریستیاندا

گەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست ،ئەو دەمەی ئاینی کریستیان دەسەلاتی ڕەهای بەسەر ئەورووپادا هەبوو ، کڵێسا کۆنترۆڵی سەرجەم کایەکانی ژیانی کردبوو، لەو دەمەدا دۆخێکی ئیرهابی پڕ لە زەبروزەنگ و ترسوتۆقاندن باڵی کێشابوو بەسەر کیشوەرەکەدا.

ئیرهاب تاکە میتۆد بوو کە پیاوانی کڵێسا پەیڕەویان دەکرد. هەر کەسێک ڕەخنەی لەدەسەلاتەکەیان بگرتایە ،یا تێڕوانینی جیاوازی بۆ ئاینەکە هەبوایە ،یا دیدو بۆچوونێکی جیاوازی بۆ مەسەلەکانی زانست و فەلسەفەو ژیان بخستایەتە ڕوو ،ئەوە دەمکووت دەکرا ،خۆ گەر کەسێک بەمەترسی بۆسەر دەسەلاتەکەیان بزانرایە ،ئەوە بێ سڵەمینەوە لە یەکێک لە دادگاکانی بەناو [مەحاکمی تەفتیش] دا سزای سووتاندنیان بۆ دەردەکرد. لەم ڕێگەوە هەزارەها هاولاتی ،ڕووناکبیر،زانا ،هونەرمەند،نووسەر،بەهرەمەند و کەسانی دیکەی خاوەن دید و هزری جیاواز کەوتنە بەر ئەو شالاوە و بە سووتاندن یا بە ملپەڕاندن ژیانیان لەدەستدا.

پیاوانی کڵێسا بەپلەی یەک دژی زانست و زاناکان بوون ،چونکە دەیانزانی ئەوانە گەورەترین مەترسین بۆ سەر دەسەلاتەکەیان ،بەوەی ئەوان خەریکی هۆشیارکردنەوەی خەڵک بوون و داهێنانەکانیان گەواهی ئەو ڕاستیەبوون.

زاناو ڕووناکبیران ئەو سەردەمەیان ناونابوو [سەدەکانی تاریکسانی] کە ئیرهابی کەنیسە هەموو کایەکانی ژیانی داگیرکردبوو ،بەجۆرێک دۆخەکە تاریک و ترسناک بوو ،کە لە دەرەوەی قەبوڵکردن و جێدەستی پاسەوانەکانی ئاین هیچ پانتاییەک نەمابوو بۆ ئیبداع و کاری زانستی .

ئەم دۆخە بەردەوام بوو تا بەرپابوونی شۆڕشی {ڕەفۆرمی} ئاینی بە سەرکردایەتی [مارتن لۆثەر1483–1546] ،دەمێک ئەو قەشە ڕەفۆرمخوازە سالّی [1517] دەستیکرد بە شۆڕشی گۆڕانکاری کرد ،تا کۆتایی و گەشتن بە ئامانج دەستبەرداری نەبوو.

سەرکەوتنی شۆڕشی ڕەفۆرم سەرەتایەک بوو بۆ لاوازبوونی دەسەلاّتی ڕەهای [کلیسای کاسۆلیک] بەسەر سەرجەم کایەکانی کۆمەلّگادا،بەمەش چەندین سەدە لە ئیرهابی پیاوانی ئاینی تا ڕادەیەکی زۆر کۆتاهات و ژیان دەستی بە بوژانەوە کردو زانست و داهێنان و بەهرەکان تەقینەوە.

پیاوانی ئاینی بەرەنگاریەکی زۆریان کرد تا ئەم ڕەفۆرمە لەباربەرن ،شەڕێکی خوێناوی چەندین سالّەیان هەلّگیرسان،لەئاکامدا شکستیان هێنا و نەیانتوانی قەناعەت بەزۆرینە بهێنن کە ئەوان لەسەر ڕێگەی ڕاستن،چونکە نەیاندەتوانی پشت بە هیچ دەقێکی [ئینجیل] ببەستن کە ڕەوایەتی بە کارە ئیرهابیەکانیان بدات.

بەلّکو ئەوانە تەنها  شەڕی دەسەلاّتیان دەکرد ،بەلاّم لەژێر پەردەی ئایندا.

## ئاینی ئیسلام و ئیرهاب

[وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ -الانفال(60)]

دەمێک ئاینی ئیسلام لە نیوەدوورگەی عەرەبی لەسەردەستی [محەمەد]دا ،پتر لە 1400سالّ لەمەوبەر سەری هەلّدا ،وەک هەموو بزافێکی نوێ سەرەتا زۆر بە هێمنی ئاشتیانەو دوور لە توندووتیژی بانگەوازیان بۆ ئاینەکەیان دەکرد. وتەگەلێکی وەک [ئاین بەزۆر نیە] یا  [ئاینی خۆت بۆخۆت وئاینی خۆم بۆ خۆم] یان دەدا بەگوێی خەلّکدا. هۆکار ئەوەبوو کە هەلّگرانی ئەو ئاینە نوێیە کەمینەو لاواز و بێ پشتوپەنا بوون،بە پێچەوانەی نەیارەکانیان لە قورەیشیەکان کە زۆرینەو بەهێزو پرچەک بوون.جا بۆ ئەوەی لەناو نەچن و بتوانن درێژە بە بانگەوازەکەیان بدەن ،ناچار بوون وەک تاکتیک ئەو سیاسەتە هێمنە بگرنەبەر،کە بە سوودبۆیان گەڕایەوە .

[محمد بەر لەوەی کۆچ بکات بۆ مدینە نامەیەک دەنووسێت بۆ دز و چەتە و ڕێگرەکانی عەرەب کە مۆڵگەیان چیای [تهامة] بووە، وە بە {صعالیک العرب} ناسراوبوون تا ترس و تۆقاندن و ئیرهاب بڵاوبکەنەوە.

الطبقات الکبری لابن سعد ج١ ص ١٥٥

هەروەها کاتیک محمد هەموو ئامادەسازیەک دەکات لە مدینە بۆ شەڕکردن

خۆی دوا کەس دەبیت کە مەکە جێدەهیلیت و لەگەل ابوبکر کۆچ دەکات.

هەر کە قاچیکی دەخاتە دەرەوەی مەکەوە لە ڕێگای نیوان مەکە و مدینة ئایەتیک دادەبەزینیت بۆ شەڕکردن دژ بە موشریک و کافرەکان ،ابوبکر دەڵیت هەرکە ئەم ئایەتە دابەزی زانیم شەڕ و کوشتار بەڕێوەیە.

ئایەتی ٣٩ سورەتی الحج کە دەلیت

اذن للذین یقاتلون بانهم ظلموا

پاش ئەوەی محەمەد بە یاوەری ئەبوبەکر لەترسی گیانی خۆیان کۆچیان کرد بۆ مەدینە ،لەوێ قۆناغێکی نوێ لە مومارەسەی ئاینی دەستی پێکرد،ئەویش پاش بەهێزبوونی پێگەی ئاینە نوێکەو دڵنیابوون لە بەردەوامیەتی و لەنێوچوونی هەموو هەڕەشەکان ،بەتایبەت پاش شکستی هەڕەشەی {جەنگی خەندەق} ،ئیدی سەردەمی ئیرهابی مونەزەم دەستی پێکرد.

گەورەترین ئیرهابیان لەسەر خێڵی [بنو قریظه]ی جولەکە تاقیکردەوە کە لە مێژودا بە جینۆسایدی جولەکەکان هەژمار دەکرێت.بەهانەشیان بۆ ئەم قەتڵوعامە گوایە شکاندنی پەیمانیانە لەگەڵ محەمەدا لە شەڕی خەندەقدا ،کە پاشان دەرکەوت ئەو بەهانەیە هیچ بنەمایەکی نەبوە،بەڵکو تاکە هۆکار چاوبڕین بووە لە ماڵ و سامانیان،کەلەوکاتەدا بۆ موسوڵمانەکان زۆر پێویست بووە.

ئیدی ئەم جۆرە ئایەت و تەکستانە : { قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّىٰ يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ-التوبه (29) } ،[من بدل دینه فأقتلوا ]شوێنی تێکستە هێمنەکانی پێشویان گرتەوە و ئیرهاب بووە سیمای سەرەکی ئەم ئاینە نوێیە.

تەرۆرکردنی چەندین کەسانی ناوداری ئەو سەردەمە وەک [ ابو حەکەم کە بە ابو جهل لەکن مسوڵمان ناسرابوو] ، محارەبەکردنی ابو لهب[مامی خودی محەمەد کە نەدەهاتنە ژێرباری

بانگەوازەکەی محەمەد،ئاماژەبوون بۆ سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ لە ئیسلامدا کە دەتوانین بە قۆناغی ئیرهاب پێناسەی بکەین.

ئیدی لە پاش کۆچی دوایی پەیامبەر  ئیرهابی فیکری و جەستەیی بەردەوام بوو دژی هەرکەسێک گچکەترین ڕەخنەی لە خولەفاکانی ڕاشدین، ئەمیرە ئەمەویەکان،خەلیفەی عەباسیەکان یا سوڵتانە عوسمانیەکان بگرتایە.

تاریکترین و پڕ ئیرهابترین سەرەدم ،سەردەمی دەسەڵاتی ئەمەویەکان و تاڕادەیەکیش عەباسیەکان بوو ،کە بێدەنگ کردن و کووشتنی سەدەها زاناو فەیلەسوف و ڕووناکبیر بووبوە کارێکی ئاسایی.

لەو شاڵاوانەدا چەندین فەیلەسون ڕووناکبیر و زانای ناوداری
بوارەکانی،فەلسەفە،ماتماتیک،پزیشکی،لۆژیک،کیمیا،فەلەک ،موزیک،شاعیر یا بێدەنگ کران و ڕێگەیان پێنەدرا چیتر کار لە بوارەکانیاندا بکەن یاخود تەرۆر کران ،بە نمونەی :

الکندي، الفارابي، ابن سینا، ابن المقفع،ابن الندیم،ابو علاء المعری،عباس بن فرناس ، ابن الهیثم،حسین بن منصور [حلاج] ،الغزالي، ابن باجة، ابن طفیل، ابن رشد، ابن عربي، ابن خلدون.ابن خلکان ،ابن رازی،الجاحظ و تاد .

هەندێک لەمانە بەرهەمە فیکریەکانی فەیلەسوفانی یۆنانی کۆن وەک سوقرات، ئەفەلاتۆن، ئەرستۆیان وەرگێڕابویە سەر زمانی عەرەبی و کاریان لەسەردەکرد.

شایانی ئاماژەیە ئەم نووخبەیە  لە دەمی خۆیدا بە [فەیلەسون و زانا بێ باوەڕەکان]
ناسرابوون،بەوەی ئەمانە ئەقڵ وبەرهەمی فیکریان  بە بنەمای پێشکەوتن گەشەکردنی کۆمەڵگە دەزانی نەک تێکستەکانی قورئان و فەرمایشتەکانی ئاین.

بۆئەوەی باسەکەم درێژ نەبێتەوە، نامەوێت لەوە زیاتر لەسەر مێژوی کۆنی ئیسلام هەڵوەستە بکەم و دێمە سەر دەمی سەرهەڵدانی یا پەیدابوونی ڕەوت و گروپ و حیزبی سیاسی ئیسلامی کە لەسەر مەنهەج و میتۆدی ئیرهاب کاریان کردوە،کە هەر ئەمەش کرۆکی باسەکەمە.

لەسەرەتای سەدەی ڕابردوودا وە بەدیاری کراوی ساڵی[ ١٩٢٣ ] یەکەم ئۆرگانی سیاسی ئیسلامی لە میسر لەلایەن [حەسەن  بەنا]وە لەباژێڕی ئەسکەندەریە بەنێوی [برایانی موسوڵمان]دامەزا.

لۆگۆی حیزبەکەیان بریتی بوو لە قورئانێک لە نێوان دوو شمشێردا،لە بەشی خوارەوەی لۆگۆکە وشەی{واعدوا} نووسراوە.

گەر پێناسەیەکی سەر پێی بۆ ئەو لۆگۆیە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمە لۆگۆی ئۆرگانێکی ئاشتیخواز و خاوەن تۆلەرانس نیە ،بەڵکو ئاماژەیە بۆ ڕێکخراوێکی توندڕەو کە بەمیتۆدی ئیرهاب کاردەکات،بەوەی شمشێر سونبوڵی شەڕو کوشتارە ،هاوکات خودی قورئان چەندین ئایەتی توندئامێزو هاندانی کووشتنی تێدایە. سەبارەت بە بوونی وشەی [واعدوا] بە مەبەست دانراوە کە یەکەم وشەی { سورەتی الانفال –٦٠} ەکە دەڵێت[ وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ ].ئەم ئایەتە بە ئاشکرا هانی ئیرهاب دەدات ،هەر بۆیەش حەسەن بەنا دەیویست ڕۆحی شەڕانگیزی و توندوتیژی لە گیانی ئەندامەکانیدا بچێنێت.

بۆئەم مەبەستەش دەزگایەکی چەکداری درووست کرد بە نێوی [دەزگای تایبەت] کە چەندین کردەوەی ئیرهابیان ئەنجمدا،{ لە پاشاندا ئاماژەیان پێ دەدەم}.

ئامانج وستراتیجی ئیخوان گرتنەدەستی دەسەڵات و گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامیە وەک لە بەرنامەکەیاندا ئاماژەیان پێداوە ،دەستوری ئەوان قورئانە ،جا بۆ بەرجەستەکردنی ئەو دەستورە تاکە ڕێگە گرتنە دەستی دەسەلاتە ،ئەمەش  لەکن ئیخوان ڕوونە کە بە ڕێگەی دیموکراتی و هەڵبژاردن ڕوونادات چونکە ئەوان بڕوایان بەو جۆرە سیاسەتە نیەو بە بە بیدعەی عەلمانیەکانی دەزانن، کەواتە تەنها یەک ڕێگە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات هەیە ،ئەویش ڕێگەی زەبروتووندوتیژیە،توندووتیژیش یانی ئیرهاب،ئیرهابیش یانی کووشتن و لەناو بردن.

بۆیە هەر لەگەڵ بەهێزبوونی پێگەی حیزبەکەیان هەوڵیاندا لە ڕێگەی ئیرهابەوە دەسەڵات وەربگرن.لەم پێناوەشدا سەرەتا بە ئیغتیالات دەستیان پێکرد ،کە لە ڕێگەی ئەو [دەزگای تایبەت]ەوە ئەنجام دەدران، ئەمانە گرنگەکانیان بوون.

+تیرۆری  ماهر ئەحمەد پاشا سەرۆک وەزیران لە  ٢٤،١،١٩٤٥

+تیرۆری محمود فهمی نقراشی سەرۆک وەزیران ٢٨،١٢،١٩٤٨

+ هەوڵدانی تەقاندنەوەی دادگای پێداچوونەوە {ئیستئناف} ،بەمەبەستی لەناوبردنی هەرچی دۆسیەی تاوانبارانی ئیخوانە.

+ هەوڵدان بۆ تەرۆر کردنی جمال عەبدولناسر لە ئەسکەندەریە

٢٦،٢،١٩٥٤

+ تەرۆری چەند بەرپرسێکی ئەمنی و پۆلیسی لە سەردەمی پادشایەتی و کۆماریدا ،کە بەرپرس بوون لە چەندین دۆسیەی ئیرهابی کەسانی سەر بە ئیخوان .

ڕاستە ئیخوان نەیانتوانی لەڕێگەی ئیرهابەوە دەسەڵات لەمیسر بگرنەدەست،ئەوش ڕاستە کە ئەنجامی کردەوە تەرۆریستیەکانیان باجێکی قورسیاندا بەوەی حەسەن بەننا دامەزرێنەرو یەکەم مورشیدیان کوژرا ،هەروەها پاشانیش سەید قوتب و چەندین سەرکردەیان لەلایەن جمال عەبدولناسرەوە لەسێدارەدران،بەڵام دەرەنجام ئەم ئۆرگانە دەستبەرداری ئیرهاب نەبوو، هەرکاتێک دەرفەتی بۆ ڕەخسابێت پەیڕەوەی کردوە.دەتوانین بڵێین میتۆدی ئیرهابی ئیخوانەکانی میسر درێژ بوویەوە بۆ نێو زۆربەی هەرە زۆری بزافە ئیسلامیەکانی جیهادی کە بوونەتە مەترسیەکی گەورە بۆسەر ئینسانیەت.

وەک ئاماژەم پێدا ،ئیرهاب نەهجی سەرەکی ئیخوانەکان بوو،زۆرێک لە ڕەوتە توندوتاژۆکانی میسرو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە سەر هەمان ڕێبازی ئیخوانەکەن بەردەوامبوون،گەر بگەڕێینەوە بۆ حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ، بەتایبەتی میسر دەبینین زۆرێک لە بزافە ئیسلامیانە ئیرهابیان کردبوە کاری ڕۆژانەیان دیارەکانیان[جماعەتی جیهاد،تکفیر و الهجره،آلشوقین و چەندگروپێکی دیکەی کوورت تەمەن].کوشتنی ئەنوەر سادات،ڕوناکبیری مەزن فەرەج فۆدە، هەوڵی کوشتنی نەجیب مەحفوز، هەوڵی تیرۆری یەکێک لە وەزیرەکانی ناوخۆ ،شکستهێنانی بەرپرسێکی سەربازی میسری پلەدار لەسەردەمی حسنی موبارەکدا.شایانی ئاماژەیە ئەم ئیرهابە لەلایەن گروپە نوێکانەوە تائێستاش لە میسر بەردەوامەو ناتوانن دەستبەرداری ببن.

## ئیرهاب لە ئەفگانستان و پاکستان

دەمێک شەڕی ئەفغانستان لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ئارادابوو، زۆرێک لە توندڕەوە عەرەبەکان بەناوی جیهادەوە ڕوویان کردە ئەفغانستان ،یەکێک لەوانە [عەبدوڵا عەزام]ی فەلەستینی مامۆستاکەی بن لادن بوو.ئەم کەسە بە ئاشکراو بێشەرم لەیەکێک لە خوتبەکانیدا لەوێ دەڵێت *{باخۆرهەڵات و خۆرئاوا بزانێت ئێمە تەرۆریستین،ئێمە توندوتیژو تۆقێنەرین،بەهەموو هێزێکتانەوە توندوتیژو تۆقێنەرین دژی دوژمنانی خوداو دوژمنانتان،تیرۆرو توندوتیژی فەرزە لە دینی خودادا،تۆقاندن فەرزە،پەیامبەری خودا خۆی یەکەم کەس بووە توندووتیژی و تۆقاندنی ئەنجام داوە ،بەتوندوتیژی و تۆقاندن سەرکەوتم بۆ ئامانجەکانم،کەواتە با پێمان بڵێن تەرۆریست،بەڵێ تەرۆریستین،هەموو موسوڵمانێک پێویستە تەرۆریست بێت،هەر موسوڵمانێک لەگەڵ دووژمناندا توندوتیژ نەبێت لەرێگە لایداوە}* .لەکۆتایدا لینکی کلیپەکەیم داگرتوە.

گەر برێک شیکردنەوە بۆ دەستەواژەی ئیرهاب لە قورئاندا بکەین ،بۆمان دەردەکەوێت شتێکی نامۆ یا قەدەغەکراو نیە ،یاخود داهێنانی گرووپ و ڕەوتە جیهادیەکان نیە ،بەڵکو دەستەواژەی ئیرهاب یا [قتل] پانتاییەکی فراوانی لەقورئاندا داگیرکردوە.

جا دەمێک گرووپێک ڕەوتێک کاری ئیرهابی دەکات و دەیکاتە سەرمەشقی کارەکانی ،ئەوە دڵنیابە کە پشتی بە ئایەتەکانی قورئان بەستوە لەسەر ئەو بنەمایەش خۆیان بەڕێوەدەبەن.

سەدەی ڕابردوو خوێناویترین سەدەبوو کە ئیرهابیەکان جیهانیان تێدا خوێناوی کردبوو.

گەر وڵاتانی ئەوروپا بە نمونە بهێنمەوە کەم وڵات دەبینین کە دەستی ئیرهابی ئیسلامی پێ نەگەشتبێت .

تەقینەوەکانی شەمەندەفەرەکانی ئیسپانیا.

کردەوە ئیرهابیەکانی فەرەنسا[فەرەنسا بەشی شێری بەرکەوتووە].

ئینگلترا چەندین جار، ئەڵمانیا،سوید، دانمارک،نەمسا .

پاشان کردەوە ئیرهابیەکانی مۆسکۆ و باژێڕەکانی دیکەی ڕوسیا کە خوێناویترینیان هێرشی سەر قوتابخانەی ئەسلان بوو ،بە کووشتنی چەندین خوێندکاری منداڵ کۆتایی هات . هەروەها کارەتەرۆریستیەکەی شانۆیەکی مۆسکۆش یەکێکی دیکە بوو لە کردەتەرۆریستیەکان.

وێرای ئەوروپا ،ئەمریکا،ئوسترالیا،کەنەدا،فلیپین، و چەندین وڵاتی دیکە دوورنەبوون لەدەستی تەرۆریزمی ئیسلامی.

زۆربەی وڵاتانی عەرەبیش بەر شەپۆلی ئیرهاب کەوتن ، چ وەک تەقینەوە چ وەک تەرۆری ڕەشەکوژی.لەوانە میسر،ئوردون،تونس، مەغریب،جەزائیر سعودیە، کویت.

لە ئەفغانستان و پاکستان ئیرهابی ئیسلامی بە شێوەیەکی سیستەماتک تا ئێستاش بەڕێوە دەچێت.بەردەوام ئەو ڤیدیۆیانە دەبینین کە چۆن ئەوگرووپانە نەیارەکانیان بەگروپ لەدەشت ودەردا بە هێمنی و لەژێر تەکبیردا دەکوژن.هۆکارەکانیش زۆر سادەن،بۆنمونە ڕۆژوونەگرتن،نوێژنەکردن،گومان لە سیخوڕیان.

هێندە لەزەت لە کووشتن دەبینن هەندێکیان بە قازیفە دەکوژن .

لەپاکستان ئیغتیالی [بەنازیر بۆتۆ] سەرۆکی حیزبی گەل،هەروەها هەوڵی کوشتنی کچە بوێری گەنج[مەلالە] کە تەنها تاوانی ئەوەبوو هانی کچانی دەدا بۆ خوێندن.

لە عێراق و سوریا  ئاستی ئیرهابی گرووپەکانی ]جەبهە النصرە،القاعیدە،داعش و گروپەکانی دیکەی سەربە تورکیا هێندە

ڤێزەوەنن هێندە دڕندە ئامێزن مرۆڤ ناتوانێت سەیری کلیپەکانیان بکات.

## ئیرهاب لەکوردستان

لە کوردستانیش  سەرەتای ئیرهاب لە هەناوی بزوتنەوەی ئیسلامیەوە هەڵی دا.

لە دەسپێکی نەوەدەکاندا ئەو دەمەی  بزووتنەوەی ئیسلامی وەک تاکە هێزی ئیسلامی لەگۆڕەپانەکەدا بوو وە خاوەنی هێزێکی شاراوەبوو، ئیرهابیان کردبویە مەنهەجی خۆیان .

تەرۆرکردنی ڕووناکبیر و شیوعی مامۆستا ڕەئوف زوهدی ،بەهۆی وەرگێڕانی کتێبێکەوە کە بەدڵی ئەوان نەبوو لە ٢٥،٢،١٩٩٠ لەلایەن شوان حەمەساڵح لە شەقامی مەولەوی سلیمانی ،بە فەرمانی مەلاکرێکار سەرەتای شەپۆلێکی ئیغتیالات بوو.

ئیغتیالی بەڕێز خولە خاکی کتێب فرۆش هەر لەو سەردەمەدا.

پاشان هەوڵی کووشتنی ڕووناکبیران کاکەی فەلاح و کەریم زەند ،کەخۆشبەختانە هەردووهەوڵەکە شکستیهێنا.

دەکرێ کووشتنی ڕووناکبیر و ڕەخنەگری ئاین ،عەبدولخالق مەعروفیش لەسەر ئیسلامە توندڕەوەکانی کوردستان حساب بکرێت،چونکە پاش دەرچوونی کتێبەکەی {ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا } لەلایەن زۆرێک لە بانگخوازەکانەوە بە کافرو دژەخواو و دژە ئیسلام ناوهێنرا و فەتوای کووشتنیان دا، ئەوەش بۆخۆی هاندەر بوو بۆ تەرۆرکردنی.هەر بۆیە موخابەراتی عێراقی بۆ ڕازیکردنی بانگخوازەکان تەرۆری کرد.

لە پاش کشانەوەی ئیدارەی سەددام لەکوردستان ،هەژموونی بزوتنەوە بەسەر کوردستاندا پەرەی سەند .هەڵەبجە کە سەنتەری سەرکردایەتیان بوو ،دۆخێکی وایان لەوێ دروستکردبوو ژیان بووبووە دۆزەخ،کارگەشتبویە ئەوەی پێکەنین بەدەنگی بەرز یا کۆبوونەوەی دووکەس زیاتر قەدەغەبوون.

وێرای هەڕەشەی {ملپەڕاندن بەتەور}لە لایەن مەلا کرێکارەوە لە مینبەری مزگەوتەکانەوە ،خوێناویکردنی لاقی کچان بە دارلاستیک،هەڕەشەی کووشتن لە کەسانی چەپ و ئازادیخواز و ژنانی چالاکوان ،وێرای ئەمانە چەندین کەسانی مارکسی و چەپ و چالاکوانی مەدەنیان تەرۆرکرد ،بەنمونەی[ قابیل و شاپورلە١٨،٤،٩٨ کە دووکۆمۆنیستی چالاک بوون].

جیابوونەوەی گروپەکانی جندالسلام بەسەرکردایەتی مەلا کرێکار

، انصار ئیسلام ، لە بزوتنەوە ،مەسەلەی ئیرهاب لەکن ئەو گرووپانە چوە قۆناغێکی توندترەوە، بەوەی ئەوانە لەهەرە کەسە توندڕەوەکانی ناو بزوتنەوە بوون.ئەوە بوو لەژێر دەسەڵاتیاندا لە دەڤەری هەورامان دۆزەخیان بۆ خەڵک سازکردبوو، بەبێ سڵەمینەوە کەسانی نەیاریان تەرۆر دەکرد ،بەنمونەی شەوکەتی حاجی مشیرو لە شارەزوور ،فرانسۆ هەریری لەهەولێر و کەسانی دیکە].

## خۆلاسە

مادام ئیرهاب {جیهاد}بەشێکی دانەبڕاوە لە مەنهەجی ئیسلام ،بۆیە زۆرێک لە گروپ و حیزب و بزافە ئیسلامیەکان ناتوانن دەستبەرداری ببن. مەرج نیە هەموو ڕەوت و گروپ و حیزبە ئیسلامیەکان مومارەسەی ئیرهاب بکەن،پێدەچێت ئەمەش پەیوەندی بەبارودۆخ و زەمەن و شوێن و زۆر شتی

دیکەوە هەبێت . کەواتە شتێکی چاوەڕوانکراوە هەر ڕەوتێکی ئیسلامی کەوتە زرووفێکەوە کە بەکارهێنانی توندوتیژی بە پێوست زانی ،ئەوە بەدڵنیایەوە بەکاری دەهێنێت و دەتوانێت بە چەندین ئایەت و حدیس و تێکستی قورئانی پاساوی بۆ بهێنێەوە .





لینکی قسەکانی عەبدوڵا عەزام

https://www.facebook.com/goran.halabjai/posts/3645650122180229

1- وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ (البقرة 191).
2- وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ (البقرة 193).
3- كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ (البقرة 216).
4- وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ(البقرة 244).
5- فَلْيُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يَشْرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا بِالْآخِرَةِ (النساء 74).
6- الَّذِينَ آمَنُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ (النساء 76).
7- فَقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفْسَكَ وَحَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ (النساء 84).
8- فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ وَلَا تَتَّخِذُوا مِنْهُمْ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا (النساء 89).
9- إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ (المائدة 33).
10- فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ (الأنفال 12).
11- فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى (الأنفال 17).
12- وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ (الأنفال 39).
13- وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ
(الأنفال 60).
14-يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ حَرِّضِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ (الأنفال 65).
15- فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ (التوبة 5).
16- فَقَاتِلُوا أَئِمَّةَ الْكُفْرِ إِنَّهُمْ لَا أَيْمَانَ لَهُمْ لَعَلَّهُمْ يَنْتَهُونَ(التوبة 12).
17- قَاتِلُوهُمْ يُعَذِّبْهُمُ اللَّهُ بِأَيْدِيكُمْ وَيُخْزِهِمْ وَيَنْصُرْكُمْ عَلَيْهِمْ وَيَشْفِ صُدُورَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ